# التقييم المعجمي للمرادفات والمتضادات في كتاب القراءة الكردية (الصف الثالث الاساس)

م. م. فاخر نجم الدين قره محمد

fakhir.najmadeen@chu.edu.iq

جامعة جرمو – كلية التربية – اقليم كردستان – العراق

**الكلمات المفتاحية**: المرادفات، المتضادات، المعجم، الكتاب المدرسي، المعلومات الموسوعية، المداخل المعجمية.

**كيفية اقتباس البحث**

قره محمد , فاخر نجم الدين , التقييم المعجمي للمرادفات والمتضادات في كتاب القراءة الكردية (الصف الثالث الاساس),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

# A lexicographical evaluation of synonyms and antonyms in Kurdish reading textbooks (third grade)

**Assist Lecturer. Fakhir Najmadeen Qara Mohammed**
**Charmo University- College of Education- Chamchamal- Kurdistan Region – Iraq**
**fakhir.najmadeen@chu.edu.iq**

**Keywords** : Synonyms, Antonyms, Dictionary, School Book, encyclopedic Information, lexical entries.

**How To Cite This Article**
Qara Mohammed , Fakhir Najmadeen ,A lexicographical evaluation of synonyms and antonyms in Kurdish reading textbooks (third grade) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

CC BY NC ND

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

summary

This research is a special research in the field of lexicography, the descriptive -analytical method was used for a lexical evaluation of synonyms and antonyms in the activities and exercises section of the Kurdish reading textbook (third grade), The purpose of the selection of lexical entries is to present educational purposes, meaning analysis and encyclopedic information are placed in the activities and exercises section of the Kurdish reading textbook, also evaluate synonyms and antonyms in Kurdish reading textbooks in terms of selecting lexical entries, analyzing and interpreting meaning through synonyms, antonym and brief definitions and presenting encyclopedic information, which is intended to increase linguistic knowledge and encyclopedic knowledge for students, as well as for educational purposes

ملخص

يعد هذا البحث دراسة متخصصة في مجال علم المعاجم، حيث استخدم المنهج الوصفي – التحليلي للتقييم المعجمي للمرادفات والمتضادات في قسم الأنشطة والتمارين من كتاب اللغة الكردية (الصف الثالث الاساس) يهدف اختيار هذه المداخل المعجمية إلى تحقيق أغراض تربوية، إذ يتضمن قسم الأنشطة والتمارين في كتاب اللغة الكردية تحليلا للمعنى والمعلومات الموسوعية. كما يهدف البحث إلى تقييم المرادفات والمتضادات في كتب اللغة الكردية من خلال اختيار المداخل المعجمية وتحليل وتفسير المعنى عبر المرادفات والمتضادات والتعريفات الموجزة، بالإضافة إلى تقديم المعلومات الموسوعية، وذلك بهدف إثراء المعرفة اللغوية والموسوعية لدى الطلاب، فضلا عن تحقيق أغراض تربوية.

## هەڵسەنگاندنێکی فەرهەنگسازییانە بۆ هاوواتا و دژواتاکان لە پەرتووکی خوێندنی کوردی (پۆلی سێیەمی بنەڕەتی)

**م. ی. فاخر نەجمەدین قەرە محەمەد**

**Email: fakhir.najmadeen@chu.edu.iq**

**زانکۆی چەرموو/ کۆلێژی پەروەردە / چەمچەماڵ- هەرێمی کوردستان – عێراق**

پوختە

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی تایبەتە لە بواری فەرهەنگسازیدا و ڕێبازی وەسفی- شیکاری بەکارهاتووە بۆ هەڵسەنگاندنێکی فەرهەنگسازییانەی تایبەت بە هاوواتا و دژواتاکان لە بەشی چالاکی و ڕاهێنانەکانی پەرتووکی خوێندنی کوردی (پۆلی سێیەمی بنەڕەتی)، کە مەبەست لە خستنەڕووی ئامانجەکانی هەڵبژاردنی دەروازەکانە، کە بۆ مەبەستی پەروەردەیی و شیکردنەوەی واتا و خستنەڕووی زانیاریی گشتگیری (ئینسکلۆپیدی) لە بەشی چالاکی و ڕاهێنانەکانی پەرتووکی خوێندنی کوردی دانراون، هەروەها هەڵسەنگاندنی هاوواتا و دژواتاکان لە پەرتووکی خوێندنی کوردی لە ڕووی هەڵبژاردنی دەروازەکان و شیکردنەوە و لێکدانەوەی واتا لە ڕێگەی هاوواتا و دژواتا و پێناسەکردنێکی کورتەوە و خستنەڕووی زانیارییە گشتگیرییەکان، کە بۆ مەبەستی زیادکردنی زانیاریی زمانەوانی و گشتگیرییە بۆ قوتابی، هەروەها بۆ مەبەستی ئامانجی پەروەردەیی دادەنرێن.

کلیلی وشەکان: هاوواتا، دژواتا، فەرهەنگۆک، پەرتووکی قوتابخانە، زانیاریی گشتگیری، دەروازەکانی فەرهەنگ.

**پێشەکی**

**ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (هەڵسەنگاندنێکی فەرهەنگسازییانە بۆ هاوواتا و دژواتاکان لە پەرتووکی خوێندنی کوردی (پۆلی سێیەمی بنەڕەتی))یە، توێژینەوەکە لە بواری فەرهەنگسازییە و تایبەتە بە هاوواتا و دژواتاکانی پەرتووکی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

بە هۆکاری گرنگیی دانانی وشە و واتاکان لە بەشی چالاکی و ڕاهێنانەکانی پەرتووکی خوێندنی کوردی و گرنگیی دانان و شیکردنەوە و نووسین و بە یەک گەیاندنی هاوواتا و دژواتاکان لە پەرتووکەکانی قوتابخانەکان لە قۆناغی بنەڕەتی بۆ قوتابیی ئەو قۆناغە، لەبەر ئەم هۆکارە ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدرا.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی دەچێتە چوارچێوەی ڕێبازی پەسنی - شیکاری، کە ئەو دوو ڕێبازە لەم توێژینەوەیە پێڕەوکراون.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە هەڵسەنگاندنێکی فەرهەنگسازییانە بۆ دانان و هەڵبژاردن و شیکردنەوەی واتای هاوواتا و دژواتاکانە لە پەرتووکی خوێندنی کوردی (پۆلی سێیەمی بنەڕەتی) و خستنەڕووی جۆری ئەو چالاکی و ڕاهێنانانەی کە لە پەرتووکەکە بەکارهاتوونە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و عەرەبی.

**بەشی یەکەم: مەبەستەکانی هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکان**

ئەم بەشە لە چەند تەوەرێک پێکهاتووە و باس لە چەمکی هاوواتا و دژواتا دەکات و هەڵبژاردنی دەروازەکان و مەبەستەکانی هەڵبژاردنی دەروازەکان لە بەشی چالاکی و ڕاهێنانەکانی پەرتووکی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی دەخەینەڕوو.

**بەشی دووەم: ڕوانگەکانی هەڵسەنگاندنی فەرهەنگسازییانە بۆ هاوواتا و دژواتاکانی پەرتووکی خوێندنی کوردی (پۆلی سێیەمی بنەڕەتی)**

لەم بەشەدا هەڵسەنگاندنێک بۆ هاوواتا و دژواتاکانی بەشی چالاکی و ڕاهێنانەکانی پەرتووکی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی کراوە، هەروەها لە چەند لایەنێکەوە هەڵسەنگاندنێکی فەرهەنگسازییانە بۆ بەشی چالاکی و ڕاهێنانەکانی پەرتووکەکە ئەنجامدراوە لە ڕووی شیکردنەوەی واتای دەروازەکان بە ڕێگەی هاوواتا و دژواتا و پێناسەکردنەوە و مەبەستەکانی هەڵبژاردنی دەروازەکان و دانانی زانیاریی گشتگیری.

**بەشی یەکەم: مەبەستەکانی هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکان**

**١/١) هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکان**

هەڵبژاردنی وشە و زاروەکان (هاوواتا و دژواتاکان) لە پەرتووکی خوێندنی کوردی و شیکردنەوەیان کارێکی گرنگ و پێوستە، بۆ ئەم مەبەستە وشەی لێڵ و نارِوون، یان وشەی وەرگیراو، یان وشەی زارەکانی زمانی کوردی و واتاکانیان دانراون، لەگەڵ ئەوەدا بە کەمی زانیاریی گشتگیری (ئینسکلۆپیدی) لە پەرتووکەکانی قۆناغی بنەڕەتی لە بەشی خوێندنەوە، یان هۆنراوەکانی ناو پەرتووکەکە وەرگیراون، ئەو وشە و زاراوانەی پێویستی بە شیکردنەوەی واتا هەیە هەڵدەبژێردرێن، هەروەها لە ڕێگەی چالاکی و ڕاهێنانی جۆراوجۆر بۆ قوتابییان دانراون، واتە جگە لە ئامانجی شیکردنەوەی واتا ئامانجی تریشیان لەگەڵە، وەک: فێربوونی ڕێنووس و توانای دۆزینەوەی هاوواتا و دژواتاکان ... هتد و بەرزکردنەوەی ئاستی زمانیی قوتابی و لەو ڕووەوە پەرتووکی قوتابخانەیی بە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاریی زمانی ئەژماردەکرێت.

لەگەڵ فەرهەنگی قوتابخانەیی پەرتوکی قوتابخانەیی یەکێکە لەو سەرچاوە فێرکاری و ڕۆشنبیرییانەی کە لە گەشەی فەرهەنگی ئاوەزی منداڵدا بەشدارە، هەروەها لە پەرەسەندنی پاشخانی زمانی و فێرکردندا بەشداریدەکات، کە بە گشتی دەبن بە گەنجینەیەک و ئاخێوەری زمانەکە لە کاتی پێویستدا سوودی لێ دەبینێت و بەکاردەهێنێت. (طاهر - اسو، ٢٠٢٣: ٢٤٠).

گەشەی زمانی لەگەڵ گەشەی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی هاوشانی یەکترن، بۆیە لەگەڵ گەورەبووندا گەنجینەی زمانی منداڵ گەشەدەکات. (تارش، ٢٠١٣: ٣٧)، هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکان لە پەرتووکی قوتابخانە و فەرهەنگەکاندا کۆمەڵێک مەبەستیان تێدایە، لەوانە: لە یەکتر نزیککردنەوەی زار و شێوەزارەکانی زمان و کۆکردنەوە و دیاریکردنی واتای وشەکان، سەرەڕای ئەوە بەشداری لە ئامانجی پەروەردەیی و فێرکاری دەکەن بۆ قسەکەرانی زمانەکە. (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ٧٩).

زانیاریی زمانەوانی بە بناغەی فەرهەنگ دادەنرێت لە دەنگەوە بۆ واتا، چونکە فەرهەنگ پێکدێت لە یەکەکان و ئەو یەکانەش لە دەنگ و یەکەی وشەسازی و واتاسازی پێکدێن و لە پێکهاتەی ڕستەسازیدا پێگەکەی دەردەکەوێت. (محسن - میثاق، ٢٠٢١: ٧١)

مەبەستەکانی هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکان لە چالاکی و ڕاهێنانەکانی پەرتووکەکانی قوتابخانەکان دەتوانرێت بۆ چەند مەبەستێکی سەرەکی دابەشبکرێن، لەوانە:

١- مەبەستی پەروەردەیی:

یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکان لە چالاکی و ڕاهێنانەکانی پەرتووکی قوتابخانەیی، کە هەندێک دەقی خوێندنەوە یان هۆنراوە بۆ ئامانجی پەروەردەیی دادەنرێن، هەروەها ئامانجی پەروەردەیی چەند جۆرێکی هەیە، کە بریتین لە:

١- ئامانجی گشتی: بۆ بەدیهێنانی پێویستی بە کاتێکی درێژخایەنە.

٢- ئامانجی تایبەتی: لە گشتگیریدا کەمتر و بچووکترە بۆ بەدیهێنانی کاتێکی کەمتری دەوێت.

٣- ئامانجی ڕەفتاری: ئامانجێکی زۆر بچووکە بۆ بەدیهێنان کاتێکی کەمتری پێویستە.

بۆ دارشتنی ئامانجی پەروەردەیی چەند سەرچاوەیەک ڕەچاودەکرێن، وەک: فەلسەفە، بەهاکانی کۆمەڵگە، سروشت و تایبەتمەندیی قوتابی، سروشتی بابەتەکان، ئاراستە و پێشکەوتنی جیهانی. (محمد، ٢٠٢١: ٣٢- ٣٤)

دەکرێت ئامانجی پەروەردەیی لە دەقەکانی خوێندنەوە وەربگیرێت، هەندێکجار ناوەڕۆکی دەقەکە تەنیا لە باسکردنی بابەتێکی وەک: (پاکوخاوێنی لە قوتابخانە)دا لە یەک مەبەست بچووک و چڕدەکرێتەوە، وێرای ئەوەی پاش تێگەیشتن و تێرامانی ورد دەکرێت چەمک و ناوەڕۆکی بەکەڵک لە دەقەکەوە دەربهێنرێت، وەک: (چەمکی هاوکاری و هەرەوەزی و کاری پێکەوەیی) دەکرێت لە بابەتی خوێندنەوەی دەقەکان هزری قوتابی بەم جۆرە بجووڵێنرێت. (صالح، ٢٠٢٥: ٢٣٤). https://doi.org/10.31185/lark.4079

ئامانجەکانی بابەتی زمانی کوردی لە قۆناغی سەرەتایی جیاوازن، لەگەڵ ئامانجەکانی هەمان بابەت لە قۆناغی ئامادەییدا، بۆ نموونە ئامانجە تایبەتییەکان بۆ ئەلفبێی کوردی لە قۆناغی سەرەتاییدا، بریتین لە:

ا- قوتابی بە نووسین و خوێندنەوە فێری ئەلفبێی کوردی ببێت.

ب- فراوانکردنی فەرهەنگی زمانیی قوتابی لە زمانی کوردیدا.

ج- گرنگیدان بە بەکارهێنانی دەستەواژەکانی زمانی کوردی بە شێوەیەکی دروست لەلایەن قوتابییەوە. (محمد، ٢٠٢١: ٣٥ – ٣٦).

٢- شیکردنەوەی واتا:

مەبەستی سەرەکیی دانانی وشە و زاراوەکان لە بەشی چالاکی و ڕاهێنانەکانی پەرتووکی قوتابخانەکان بۆ مەبەستی شیکردنەوە و لێکدانەوەی واتای وشە و زاراوە ئاڵۆز و لێڵەکانە، ئەم شیکردنەوەیەش لە ئاستێک بۆ ئاستێکی تر دەگۆڕێت و بۆ قۆناغی بنەڕەتی شیکردنەوەی واتا بە ڕێگەیەکی سادە دەکرێت، کە بۆ قوتابییانی ئەو قۆناغە گونجاوبن.

لە شیکردنەوە و گەیاندنی واتا و وەرگێڕانی واتای دەروازەکان پەنادەبرێتە بەر وشە و فرێز و ڕستە هێنانەوە، دەبێت ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی واتا بە شێوەیەکی ئاسان و ڕوون بێت، تا قوتابی بتوانێت درک بە واتای وشەکان بکات و لە وشەکان تێبگات لە ڕێگەی شیکردنەوە بە ڕێگەی هاوواتا و دژواتا و ... هتد. (طاهر – اسو، ٢٠٢٣: ٢٤٧ - ٢٤٨)، هەرچەندە لە قۆناغی سەرەتادا واتاکان بە زۆری لە ڕێگەی هاوواتا و دژواتاکان شیدەکرێنەوە و زۆر بە دەگمەن لە ڕێگەی ڕستەی کورتەوە واتاکان شیدەکرێنەوە.

لە قۆناغی بنەڕەتی بە شێوەیەکی سەرەکی لە پەرتووکی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی بە ڕێگەی ئاماژەدان بە هاوواتا و دژواتاکانیان ڕووندەکرێنەوە و بە دەگمەن بە ڕێگەی پێناسەکردنێکی سادەی دەروازەکان لە بەشی چالاکی و ڕاهێنانەکانی پەرتووکەکە واتای دەروازەکان ڕووندەکرێنەوە.

٣- زانیارییە گشتگیرییەکان:

زانیاریی گشتگیری مەبەست لە ناوی وڵات و شار و گوند و شوێن و کەس و جۆرەکانی ڕووەک و ئاژەڵ و زاراوەی زانستی جۆراوجۆرە ...هتد بۆ ئەوەی زانیاریی زیاتر بە

بەکارهێنەری فەرهەنگ ببەخشێت. (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ١٠٣)، زانیاریی گشتگیری و ڕۆشنبیری بە یەکێک لە زانیارییە گرنگەکان دادەنرێت لە بواری فێرکاری و بە تایبەت ئەم زانیاریيانە لەو فەرهەنگانەی بۆ قوتابی دادەنرێن جێگەی گرنگی و بایەخە. (تارش، ٢٠١٣: ٧٦).

گرنگیدان بە دانانی دەروازەکان وەک زانیارییە گشتگیرییەکان لە فەرهەنگەکاندا دەگۆڕێت، وەک دانانی ناوی وڵاتان و ڕووداوەکان و زاراوە زانستییەکان و هەموو ئەو بابەتانەی بۆ ڕۆشنبیریی مرۆڤ گرنگن، تۆمارکردنی ئەم زانیاریيانە لە فەرهەنگدا کارێکە جێگەی بایەخە، بەڵام هەندێکجار لەلایەن فەرهەنگنووسانەوە بە پێویست نازانرێت و لە فەرهەنگەکاندا دانانرێن. (مامە، ٢٠١٣: ٣٤).

**٢/١) هاوواتاکان**

هاوواتا ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە یەک واتایان هەیە، واتە: (دوو وشە یان زیاتر، کە یەک واتایان هەبێت). (فتاح، ٢٠١١: ١٦٧). جۆرێکی پەیوەندیی واتایی نێوان چەند لێکسیمێکە، کە یەک واتایان هەبێت. (ناوخۆش – نەریمان، ٢٠١٠: ٢١٠). (هاوواتا بریتییە لەوەی کە لە واتا یەکسان و لە دەربڕین جیاواز بێت و ڕێگەیەکی کورتی شیکردنەوەی واتایە). (تارش، ٢٠١٣: ١٠١). بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن بەکارهێنانی هاوواتاکان کارێکی ئاسانە، کە دەبێت بە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانیی قوتابی و شیکردنەوە بە هاوواتا مەبەست لە شیکردنەوەی واتایە لە ڕێگەی وشە هاوواتاکانەوە و هەندێک لە توێژەران ئەم بابەتە بە گوماناوی دەزانن، چونکە دانانی وشەیەک بەرانبەر وشەیەکی تر بەبێ جیاوازیی واتا لە نێوانیان واتا و مەبەست ڕووننەکاتەوە، بۆیە نابێت بە زۆری و بە تەنیا پشت بەم ڕێگەیە ببەسترێت و دەبێت لەگەڵ ڕێگەیەکی تر بەکاربهێنرێت. (محسن – میثاق، ٢٠٢١، ٧٠)

هەموو پەیوەندییەکی واتایی ڕۆڵێکی ئەرێنی لە کردەی گەیاندنی واتادا دەبینێت، ئەگەر لەم ڕووەوە لە هاوواتا بڕوانین و لە بواری بەکارهێنانی وشە و یاریکردن بە وشەش ناسراوە و لە زمانی ئاسایی ڕۆژانەدا لە چەند ڕوویەکەوە ڕۆڵی کارا و گرنگ دەبینن. (خۆشناو، ٢٠١١: ٧٠)، بەڵام لە پەرتووکەکانی قوتابخانەکاندا، هەندێکجار ئامانجی پەروەردەییش لە دانان و شیکردنەوە و لێکدانەوەیاندا هەیە.

دەتوانین چەند مەبەستێک لە دانانی هاوواتاکان دیاریبکەین، لەوانە:

١- زانینی واتای وشە لێڵەکان: بەکارهێنانی هاوواتاکان لە شیکردنەوەی وشە و زاراوەکانی ناو پەرتووکی قوتابخانە کارێکی گرنگە و مەبەستی سەرەکی بۆ شیکردنەوەی واتای وشە و زاراوە ناڕوونەکانە بە زمانێکی سادە، کە پێویستە قوتابی ئەو قۆناغە لێی تێبگات.

٢- فێربوونی وشەی زارەکان یان وشەی وەرگیراو لە زمانانی تر: یەکێک لە مەبەستە گرنگەکانی ختەڕوو و لێکدانەوەی واتای دەروازەکانە بە وشە و زاراوەی زارەکانی زمانی کوردی، کە بۆ ئەم قۆناغە ڕێگەیەکی گرنگی شارەزابوون و تێگەیشتنی قوتابییە لە وشەی زارەکانی زمانی کوردی لە هەندێک هۆنراوە و دەقی خوێندنەوەی ناو پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی، هەندێکجار لە ڕێگەی هاوواتای زارەکانی زمانی کوردییەوە واتاکان شیدەکرێنەوە، (سەرەڕای ئەوەی بۆ هاوواتاکان بۆ ئەوەی ببن بە هاوواتا پێویستییان بە ژینگەی زمانی یەکسانە). (خۆشناو، ٢٠١١: ٤٩).

٣- دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی: دەتوانین بڵێین (هەر زمانێک یەکەی هاوواتای زۆر بێت نیشانەی ئەوەیە فەرهەنگی ئەو زمانە دەوڵەمەندە، هەروەها لەسەر ئاستی تاکە کەسیشدا هەر کەسێک هاوواتای زۆر بزانێت ئەوە بەڵگەی دەوڵەمەندیی فەرهەنگی زمانیی ئەو کەسەیە). (خۆشناو، ٢٠١١: ٧٥).

٤- ئاسانی بەکارهێنانی وشە هاوواتاکان: ئاسانی بەکارهێنانی هاوواتا لە شیکردنەوەی یەکەی واتایی، کە بۆ تێگەیشتنی منداڵان ڕێگەیەکی ئاسانە، سەرەڕای ئەوەی (تەنیا کێشەیەک هەیە، هەندێکجار هاوواتاکە واتاکەی ناڕوونە و خۆی پێویستی بە شیکردنەوەی واتا هەیە). (تارش، ٢٠١٣: ١٠٢).

٥- ئابووریکردن لە بەکارهێنانیان و دانانیان لە چالاکی و ڕاهێنانەکان: لە دانانی هاوواتاکاندا مەبەستێکی سەرەکی ئابووریکردنە، کە واتای وشە و زاراوەکان بە شێوەیەکی کورت شیدەکرێنەوە.

**٣/١) دژواتاکان**

ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە واتای دژ بە یەکیان هەیە (دژواتا دەربڕینێکە بە دەربڕینێکی تر، کە واتای دژ و پێچەوانەیی بدات). (تارش، ٢٠١٣: ١٠٥)، لە پەرتووکی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی لە بەشی چالاکی و ڕاهێنانەکان وشە و زاراوەکان لە ڕێگەی لێکدانەوە و شیکردنەوەی واتای دەروازەکان بۆ مەبەستی پەروەردەیی یان شیکردنەوەی واتا یان زانیارییە گشتگیرییەکان تۆماردەکرێن بە مەبەستی زیادکردنی زانیاریی جیهانی دەرەوەی منداڵان (قوتابییان).

لە پەرتووکی قوتابخانەکان بە مەبەستی گرنگی ئەو وشە و زاراوانە لە لیستی وشە و زاراوە یان فەرهەنگۆک یان چالاکی و ڕاهێنانی جۆراوجۆر دادەنرێن، کە بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەی واتا و پێشکەشکردنی زانیاریی گشتگیری یان مەبەستی جیاوازتر دادەنرێن، هەروەها بۆ ئەم مەبەستە پێویستە مامۆستای وانە هاوکاربێت لە بەجێگەیاندنی ئەم ئەرک و ئامانجە و یارمەتیدەر بێت لە جێگیرکردنی زانیارییە زمانییەکان و یەکە زمانییەکان لەلای قوتابی.

دەتوانین چەند گرفتێک لە دانانی دژواتاکان لە چالاکی و ڕاهێنانەکان بخەینەڕوو، وەک:

١- قورسی زانینی واتای دژواتاکان: لە دانانی دژواتاکان، هەندێکجار دژواتاکەی بە وشەی زارێکی تر یان دژواتاکەی بە ئاستێکی بەرزتر لەم قوناغە لە بەرانبەر وشەکە دادەنرێت، کە ئەمە دەبێت بە گرفتێک و پێویستە مامۆستای وانە واتاکان بۆ قوتابی ڕوونبکاتەوە، سەرەڕای ئاشناکردنی قوتابی و فێربوونی دژواتای زارەکانی تری زمانەکەی.

٢- هەندێکجار مەبەست ناپێکێت: (لە لایەنێکەوە بەکارهێنانی دژواتا بۆ قوتابی بەسوودە، بەڵام دانانی دژواتا هەندێکجار واتای وشەکان ڕووناکاتەوە و زانینی واتاکەی پێویستی بە ڕوونکردنەوە و زانینی واتای دژواتاکە هەیە). (تارش، ٢٠١٣: ١٠٦)، چونکە هەندێکجار شیکردنەوەکان بە وشەی زارەکانی تری زمانی کوردی دانراون.

لەبەر ئەم مەبەستە گونجاوترە بە جۆری چالاکی تر وشە و دژواتاکەی دابنرێت و قوتابی بتوانێت شیکاریان بکات، بۆ ئەوەی بەم جۆرە زیاتر لە بیری قوتابی بمێنێتەوە، چونکە قوتابی وەک ڕاهێنانێکی دانراو بۆی لە پەرتووکەکەدا وەڵامیدەداتەوە.

**بەشی دووەم: ڕوانگەکانی هەڵسەنگاندنی فەرهەنگسازییانە بۆ هاوواتا و دژواتاکانی پەرتووکی خوێندنی کوردی (پۆلی سێیەمی بنەڕەتی)**

**١/٢) ناساندنی پەرتووکی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی**

پەرتووکی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی دوو پەرتووکە، کە بریتین لە:

پەرتووکی وەرزی یەکەم لە (٩٢) لاپەڕە پێکهاتووە، کە بریتییە لە (٥) یەکە، (یەکەی یەکەم تا (یەکەی پێنجەم) هەر یەکەیەک یەک هۆنراوە و چەند بابەتێکی خوێندنەوە لەخۆدەگرێت، واتە: پەرتووکەکە (٥) هۆنراوە و چەند بابەتێکی خوێندنەوە لەخۆدەگرێت، لەگەڵ بەشی چالاکی و ڕاهێنانی تایبەت بە هەر یەکەیەک، هەروەها فەرهەنگۆکێکی (سێ لاپەڕەیی)، کە لە کۆتایی پەرتووکەکە بە چوار زاری زمانی کوردی تایبەت بە مامۆستا دانراوە.

پەرتووکی وەرزی دووەم لە (٧٢) لاپەڕە پێکهاتووە، کە بریتییە لە (٤) یەکە، (یەکەی شەشەم) تا (یەکەی نۆیەم) هەر یەکەیەک دوو بابەتی خوێندنەوە و یەک هۆنراوە لەخودەگرێت، واتە: پەرتووەکە (٤) هۆنراوە و چەند بابەتێکی خوێندنەوە لەخۆدەگرێت، لەگەڵ بەشی چالاکی و ڕاهێنانی تایبەت بە هەر یەکەیەک، هەروەها فەرهەنگۆکێکی (یەک لاپەڕەیی)، کە لە کۆتایی پەرتووکەکە بە چوار زاری زمانی کوردی تایبەت بە مامۆستا دانراوە.

**٢/٢) ڕوانگەکانی هەڵسەنگاندنی فەرهەنگسازییانە بۆ پەرتووکی خوێندنی کوردی (پۆلی سێیەم)**

ڕوانگەکانی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی فەرهەنگسازییانەیە بۆ پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی (وەرزی یەکەم و دووەم) لەم توێژینەوەیەدا لایەنی هەڵسەنگاندنەکە دوو پایەی سەرەکیی دەگرێتەوە، کە بریتین لە: (مەبەستەکانی هەڵبژاردنی دەروازەکان) و (شیکردنەوەی واتای دەروازەکان) بە ڕێگەکانی هاوواتا، دژواتا، پێناسەکردن.

**١-٢/٢) مەبەستەکانی هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکان**

لە هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکان لە پەرتووکی قوتابخانە یان فەرهەنگی فێرکاری و قوتابخانەیی وشە و زاراوەکان بۆ چەند مەبەستێک هەڵدەبژێردرێن، وشە و زاراوەکان و واتاکانی لە بەشی چالاکی و ڕاهێنانی پەرتووکی خوێندنی کوردی بە شێوەی جۆراوجۆر بۆ چەند مەبەستێک دانراون، وەک:

١- مەبەستی پەروەردەیی:

زانیاریی وشەکان لە بەشی چالاکی و ڕاهێنانی هاوواتا و دژواتاکان، هەندێکجار بۆ مەبەستی بەرجەستەکردن، یان دوورکەوتنەوە لەو ڕەفتارانە لەلایەن قوتابی دەخرێنەڕوو، وەک:

لە هۆنراوەی (هاوڕێی باش) بۆ مەبەستی پەروەردەیی چەند چەمکێک لە چالاکی و ڕاهێنانی (وشە و واتاکەی) دانراون، وەک: (هاوکار دەبێ) یارمەتیدەدات، (بەوەفا) دڵسۆز (ل ٦١ وەرزی یەکەم)

پاشان لە چالاکی (گفتوگۆدەکەین) بە تەواوی ئەو پرسیارانە دەورووژێنرێت، کە مەبەستە پەروەردەییەکانی لەسەر بەندە، وەک:

هاوڕێی باش کێیە؟

هاوڕێی باش لە کاتی تەنگانەدا پێویستە چۆن بێت؟

تۆ پێویستە لەگەڵ هاوڕێکەتدا چۆن بیت؟

هاوڕێی باش وەک کێیە؟

کاتێک هاوڕێیەکەت هاوکاریت دەکات، هەڵوێستت چۆن دەبێت؟ (ل ٦١ وەرزی یەکەم)

٢- مەبەستی شیکردنەوەی واتا:

مەبەستی سەرەکی لە دانانی وشە و زاراوەکان شیکردنەوەی واتاکانیانە، ئەم ئەرکە لە فەرهەنگیشدا هەمان ئەرکە، لە پەرتووکی قوتابخانەکان شیکردنەوەی واتا بە شێوەیەکی ئاسان بۆ ئەو قۆناغەی قوتابی تێدایە گرنگ و جێگەی بایەخە، وەک:

(سپێدە) بەری بەیان (ل ١٤ وەرزی دووەم)

(شیاو) گونجاو (ل ٣٠ وەرزی دووەم)

(بلەز) خێرا، بەپەلە (ل ٧٩ وەرزی یەکەم)

(ئاستەنگ) بەربەست (ل ٥٦ وەرزی دووەم)

(شوێنەوار) ئاسەوار، کەڤنار (ل ٣٤ وەرزی یەکەم)

٣- مەبەستی زانیاریی گشتگیری:

مەبەستی زانیاریی گشتگیری (ئینسکلۆپیدی) لە پەرتووکەکەدا زۆر بە کەمی ئاماژە بە یەک یان چەند وشە و زاراوەیەک دراوە لەم بوارەدا، کە لە ناوەڕۆکی بەشی خوێندنەوە و هۆنراوەکانی ناو پەرتووکەکە هەڵبژێردراون و واتاکانیان بۆ قوتابی شیکراونەتەوە.

لە بابەتی خوێندنەوەی (پەتا)، پاشان لە بەشی چالاکی و ڕاهێنانەکان (وشە و واتاکەی) ئاماژە بە واتاکەی دراوە و چەند وشەیەک شیکراوەتەوە، وەک: (پەتا) نەخۆشییە درمەکان (ل ٤٩ وەرزی یەکەم)

**٢-٢/٢) ڕێگەکانی شیکردنەوەی دەروازەکان**

لە پەرتووکی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی بۆ شیکردنەوەی واتای هاوواتا و دژواتاکان لە بەشی چالاکی و ڕاهێنانەکان بە دوو ڕێگەی سەرەکی واتاکان شیکراونەتەوە، کە بریتین لە شیکردنەوەی هاوواتا بە هاوواتا، یان زۆر بە دەگمەن وشەیەک بە پێناسەیەکی

کورت واتاکەی شیکراوەتەوە، بەڵام شیکردنەوەی دژواتا بە دژواتا بە شێوەی چالاکی و ڕاهێنانی جۆراوجۆر دانراون، ڕێگەی شیکردنەوەی واتای وشەکان بە هاوواتا و دژواتاکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە دانراون:

**٢/٢-٢-١) شیکردنەوەی هاوواتا بە هاوواتا**

هاوواتاکان لە هەردوو وەرزی پەرتووکەکە بە چالاکی (وشە و واتاکەی) بە دوو شێوە دانراون، وەک:

**١- وشە و واتا بە دوو ستوون بەرانبەر یەکتر:**

لە هۆنراوەی (هەورامان) لە چالاکی و ڕاهێنانی (هاوواتاکان) چەند وشەیەک دانراون و واتاکانیان بە زاری کوردیی ناوەڕاست دانراون، وەک: (وەزی) گوێز (ل ٣٢ وەرزی یەکەم)

وشە هاوواتاکان لە هۆنراوەی (تۆپتۆپێن) (وشەی وەرگیراو)ن و بەرانبەریان واتاکانیان دانراون لە چالاکی (وشە و واتاکەی)، وەک: (وەتەن) نیشتمان، (عیلم) زانست، (فەن) هونەر (ل ٧٧ وەرزی یەکەم)

لە خوێندنەوەی (کتێبخانەی قوتابخانە) وشەی وەرگیراو و واتاکەی شیکراونەتەوە، وەک: (گرووپ) دەستە، کۆمەڵ (ل ١٩ وەرزی یەکەم)

هاوواتاکان لە ڕێگەی پێناسەیەکی کورتەوە بە کەمی خراونەتەڕوو، وەک: (نقاندن) دەنگ دەرهێنان لە ئەنجامی هەڵگرتنی باری گران (ل ١٦ وەرزی دووەم)

**٢- هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:**

هاوواتاکان بە شێوەی چەند وشەیەک لە سەرەتادا دانراون، پاشان بە شێوەی ستوونی (پێنج) وشە دانراون، کە قوتابی دەبێت وشەکان بەرانبەر هاوواتاکانیان لە ستوونەکەدا دابنێت، بەم شێوەیە: هاواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم (ل ٤٧ وەرزی یەکەم)

دەردەدار، سستەر، عەوداڵ، پزیشک، شەکەت

| | |
|---|---|
| پەرستار | |
| ماندوو | |
| پەرۆش | |
| نەخۆش | |
| دکتۆر | |

خشتەی (١) هەڵبژاردنی هاوواتای گونجاو

**٢/٢-٢-٢) شیکردنەوەی دژواتا بە دژواتا**



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

دژواتاكان بە چوار شێوە لە پەرتووكەكەدا دانراون بەم شێوەیە: (دژواتاكان دەنوسم، دژواتاكان لە شوێنی گونجاو دادەنێم، دژواتاكان دەگەیەنم، دژواتاكان بە دوو ستوون بەرانبەر یەكتر) بە شێوەیەكی سەرەكی مەبەست لە زانین و دۆزینەوەی واتای دژواتاكان و توانای نووسینی وشەكانە لەلایەن قوتابییەوە.

ئەم چالاكییە بۆ ئەم قۆناغەی قوتابی گرنگە بە شێوەی چالاكی و ڕاهێنان، كە قوتابی دەبێت دژواتاكان بدۆزێتەوە و بتوانێت لە شوێنی گونجاو ئەو دژواتایانە بنووسێت، دژواتاكان بە چەند شێوەیەك لە چالاكی و ڕاهێنانەكان دانراون، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١- دژواتاكان دەنوسم:**

لەم جۆرە چالاكییەدا قوتابی هاندەدرێت چەند وشەیەكی دژواتا، كە لە سەرەوە دانراون بەرانبەر چەند وشەیەكی تر لە ژێرەوە دانراوە دابنێت و ئەو وشانە لەلایەن قوتابییەوە بنووسرێنەوە، بەم شێوەیە: دژواتاكان دەنوسم (ل ٨٠ وەرزی یەكەم)

(بێسنور، ناخۆش، نادیار، لەسەرخۆ)

| | |
|---|---|
| بلەز | |
| سنوردار | |
| دیاركراو | |
| خۆش | |

خشتەی (٢) هەڵبژاردنی دژواتای گونجاو

دژواتاكان لە وەرزی دووەمی پەرتووكەكەدا بە شێوەیەك دانراون، كە پێویستە قوتابی دژواتای ئەو وشانە بزانێت و لە شوێنی گونجاو بیاننووسێت، بەم شێوەیە:

دژواتاكان دەنوسم (ل ١٧ وەرزی دووەم)

| | |
|---|---|
| خاوێن | |
| گەرم | |
| كورت | |
| بەهێز | |

خشتەی (٣) دۆزینەوەی دژواتای گونجاو

**٢- دژواتاكان لە شوێنی گونجاو دادەنێم:**

دژواتاكان لە شوێنی گونجاو دادەنێم چالاكییەكی گرنگە، كە قوتابی دەبێت بتوانێت دژواتای گونجاو بۆ هەر وشەیەك بدۆزێتەوە، بە هەمان شێوەی دژواتاكان دەنووسم دانراون، بەم شێوەیە:

دژواتاكان لە شوێنی گونجاو دادەنێم (ل ٢٠ وەرزی یەكەم).

بەناشرینی، دۆست، هەژار، بچوكتر، خراپتر

| | |
|---|---|
| دەوڵەمەند | |

| | |
|---|---|
| باشتر | |
| دوژمن | |
| بەجوانی | |
| گەورەتر | |

خشتەی (٤) دژواتا

**٣- دژەکان دەگەیەنم:**

چالاکییەکی گرنگە بە شێوەی ڕاهێنان و چالاکی گەیاندنی وشەکان، کە لە دوو ستوون دانراون و هەر یەکەیان (پێنج) وشە لەخۆدەگرێت و قوتابی دەبێت واتاکانیان بزانێت و بە یەکتریان بگەیەنێت و بەم شێوەیەی خوارەوە: دژواتاکان دەگەیەنم (ل ٤٢ وەرزی یەکەم).

| | |
|---|---|
| زوو | خراپتر |
| دانیشتن | کەم |
| زۆر | درەنگ |
| ساغ | ڕاوەستان |
| باشتر | نەخۆش |

خشتەی (٥) گەیاندنی دژواتاکان

**٤- دژواتاکان بە دوو ستوون بەرانبەر یەکتر:**

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

ئەم جۆرەی چالاکی تەنیا وشەکان و دژواتاکانیان لە بەرانبەریان ڕیزکراون بەم شێوەیەی خوارەوە وشە و دژواتاکەی دانراوە، وەک:

چاک × خراب

تەنگاڤی × بەرفرەهی (ل ٥٦ وەرزی دووەم).

**ئەنجامەکان**

١- لە چالاکی و ڕاهێنانەکانی هەردوو پەرتووکەکە گرنگی بە ئامانجی هەڵبژاردنی وشەکان لە (هاوواتاکان) و (دژواتاکان دەنووسم) دراوە و هەوڵدراوە وشە گرنگ و لێڵەکانی ناو دەقەکانی خوێندنەوە و هۆنراوەکان تۆماربکرێن واتاکانیان شیبکرێنەوە.

٢- مەبەستەکانی هەڵبژاردنی وشەکان لە پەرتووکەکەدا بۆ چەند مەبەستێکی گرنگە، سەرەڕای هاندان بۆ نووسین بۆ مەبەستی پەروەردەیی، ڕوونکردنەوەی واتا، زانینی زانیارییە گشتگیرییەکانە.

٣- دانانی چالاکی (وشە و واتاکەی) یەکێکە لە چالاکییە گرنگەکان، کە بۆ مەبەستی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی قوتابی لەو قوناغە گرنگییەکی زۆری هەیە.

٤- گرنگیدراوە بە شارەزاکردنی قوتابی بە وشەی زارەکانی زمانی کوردی لە هەردوو بەشی چالاکی و ڕاهێنانی (وشە و واتاکەی) و (دژواتاکان دەنووسم).

**لیستی سەرچاوەکان**

- **بە زمانی کوردی**

**- خۆشناو، شێروان حوسێن (٢٠١١)، *تێڕوانینێکی نوێ بۆ سینۆنیم لە زمانی کوردیدا*، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی دیلان، سلێمانی.**

**- شێخ تەیب، شەهاب (٢٠٢١)، *فەرهەنگسازی*، چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم، هەولێر.**

**- فتاح، محمد معروف (٢٠١١) *زمانەوانی*، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی سێیەم، هەولێر**

**- صالح، سەروەر سەعدوڵڵا (٢٠٢٥)، *تقيم كتاب (القراءة الكردية) لصفي الثاني و الثالث وفق التفكير النقدي*، مجلة لارك، المجلد ١٧ ، العدد ١ ، الجزء ٢.** https://doi.org/10.31185/lark.4079

- لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە (٢٠٢٣) *پەرتووکی خوێندنی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی وەرزی یەکەم و دووەم*، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، چاپی دووەم.

- محمد، احمد محمد (٢٠٢١)، *ڕێگاکانی وانەگوتنەوە لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا*، چاپخانەی ماڵی ڕاستی، چاپی یەکەم.

- ناوخۆش، سەلام – نەریمان خۆشناو (٢٠١٠)، *زمانەوانی بەشەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم*، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- طاهر، شهاب طيب – اسو عبدالرحمن كريم (٢٠٢٣)، فەرهەنگی *(قوتابخانە) لەژێر تیشکی بنەماکانی فەرهەنگی قوتابخانەیی لە زمانی کوردیدا*، مجلة دراسات الغوية، جامعة تكريت، كلية التربية للبنات، مجلد VI، عدد ٣.

بە زمانی عەرەبی

- تارش، جموعي (٢٠١٢-٢٠١٣)، *المعاجم الموجهة للطلاب في ضوء المعجمية الحديثة معجم الطلاب ليوسف شكري فرحات – عينة*، رسالة ماجستير، جامعة قاصدي مرباح- ورقلة.

- مامە، سەنگەر علي (٢٠١٣)، *صناعة معجم بين اللغتين العربية و الكردية – دراسة تقابلية في معاجم احادي اللغة*، اطروحة دكتورا، كلية التربية ابن رشد، جامعة بغداد.

- محسن، زين العابدين يوسف، ميساق حسن عبدالواحد (٢٠٢١)، *ملامح الصناعة المعجمية في كتاب مجمع البحرين للشيخ فخرالدين الترحي (ت ١٠٨٥ ه)*، مجلة اداب البصرة، المجلد اللثانى، العدد ٩٨.

List of Resources

- In Kurdish

- Khoshnaw, Sherwan Hamad (2011), A New View of Synonyms in Kurdish Language, Ministry of Culture and Youth, Sulaimani Publishing Directorate, Dilan Printing House, Sulaimani.

- Sheikh Taib, Shahab (2021), Dictionary, Hevi Printing House, first edition, Erbil.

- Fatah, Mohammed Marouf (2011) Linguistics, Haji Hashim Printing House, 3rd Edition, Erbil

- Saleh, Sarwar Sa'dullah (2025), Compilation of the book (Kurdish reading) for the second and third rows and critical thinking, Lark magazine, volume 17, number 1, part

- A committee in the Ministry of Education (2023) Kurdish textbooks for the third grade of primary school, first and second semesters, second edition.

- Mohammed, Ahmed Mohammed (2021), Ways of Teaching in the Age of Technology, Mali Rasti Printing House, 1st edition.

- Nawkhosh, Salam – Nariman Khoshnaw (2010), Linguistics Parts I, II, III, Rojhelat Printing House, Erbil.

- Tahir, Shahab Tayeb – Aso Abdulrahman Karim (2023), Dictionary (School) in the light of the principles of school dictionary in Kurdish, Journal Language Studies, Tikrit University, Girls Education College, Volume 71, No.

- in Arabic

- Tarsh, Juma’i (2012-2013), Dictionaries for Students in Light of Modern Lexicography: The Student Dictionary of Youssef Shukri Farhat – A Sample, Master’s Thesis, University of Kasdi Merbah - Ouargla.

- Mama, Sangar Ali (2013), Dictionary Industry between Arabic and Kurdish Dialects – Comparative Study in Monolingual Dictionaries, PhD Thesis, Ibn Rushd Faculty of Education, Baghdad University.

- Mohsen, Zain Al-Abidin Yousef, Misaq Hassan Abdul Wahid (2021), Features of the Lexicographical Industry in the book Majma’ Al-Bahrain by Sheikh Fakhr Al-Din Al-Tarhi (d. 1085 AH), Journal of Arts of Basra, Volume Two, Issue 98.